# وەزیریش هەوەی دێتە سەر

ئەمجەد شاکەلی

دەسەڵاتدارانی عیراق و تەواوی حیزبە عیراقی و عەرەبی و ناکوردییەکان، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوونە و لە هەوڵی ئەوەدان، عیراق لە بازنەی عەرەب و نیشتمانی عەرەب و خاکی عەرەب نەچێتە دەرێ و بەشێک بێت لە عەرەب. کە هۆشیار زێباری، لە ساڵی 2003دا، کرا بە وەزیری دەرەوەی عیراق، هەموو عەرەب دەمیان لە کورد کردەوە و پیێانوابوو ئیدی کورد بووە بە خاوەنی هەموو شتێک. ئەوان بۆ داپۆشینی نەخشەی دژە کوردی خۆیان و پێوەندە شاراوە و ژێربەژێرییەکانی خۆیان، لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکارەکانی دیکەی کوردستاندا، هەمیشە دژ بەوە بوون، کوردێک وەزیری دەرەوەی عیراق بێت. هۆشیار زێباری و جەلال تاڵەبانی و هەموو ئەو کوردانەی دیکەی نێو حوکوومەتی عیراق لە بەغدا، هیچ کاتێک لە هیچ عەرەبێک کەمتریان بۆ عەرەبایەتی عیراق و پاراستنی یەکیەتیی خاکی عیراق نەکردووە، ئەگەر پتریان نەکردبێت. ئەوان هەموو ڕەوتار و گوتارێکیان ڕێک وەک عیراقییەک بووە و بە موو لە عیراقییەتی لایان نەداوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە عیراقییانەی ئەوان هەرگیز بە دڵی عەرەب و عیراقییان نەبووە و هەرگیز دڵخۆش نەبوونە بە ڕەوتار و گوتاریان، تەنێ هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە بە نێو کورد بوونە. هەر لەو دەمییەوە تا ئێستا ئەوان(عەرەب و عیراقییان) پەلەقاژەی ئەوەیان بووە کەلەبەرێک بدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆیان و جێلەقکردنی ئەو کوردە خاوەن کورسی و پایانەی بەغدا و بە تایبەتیش وەزیری دەرەوە. من وام دەزانی هەر لە ژن و مێردایەتیدا هەوە(هەوێ)بازی و ژن بە سەر ژنهێنان هەیە، کەچی ئەوەتا لەم حوکوومەتە نوێیەی عیراقیشدا وەک چۆن کابرایەک ژنێک بهێنێتە سەر ژنی یەکەمی و هەوە(هەوێ)یەکی بۆ پەیدا بکات و بیهێنێتە ماڵێ، وەزارەتێکیان بە نێوی(وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە) ساز کرد و وەزیرێکیشیان بۆ دانا، واتە: وەزارەتی دەرەوە وەزارەتێکی هاتە سەر و هۆشیار زێبارییش وەزیرێکی هاتە سەر، چونکە وەزارەتی دەرەوە ماوە و هۆشیار زێباری وەزیریشیان هەر هێشتووەتەوە. دامەزراندنی وەزارەتێکی دەوڵەتی کاروباری دەرەوە، بە بیانووی ئەوەوەیە، کە ئەو وەزارەتە بۆ پێوەند بە وڵاتانی عەرەب و دەوروبەر دانراوە، وەک بڵێی وەزارەتی دەرەوەی، کە هەیە و وەزیری دەرەوە هۆشیار زێباری وەها کارێکیان پێ ناکرێت. من ئەوەدەمی(2003)، کە زێباری بوو بە وەزیری دەرەوە و ئێستایش، کە کرایەوە بە وەزیری دەرەوە، پێموابوو و پێموایە، دانانی کوردێک بۆ وەزارەتی دەرەوە و دانانی کوردێک بۆ سەرۆککۆمار، بۆ دەمکوتکردنی کورد و پتر گرێدانی باشووری کوردستان بووە بە عیراق و عەرەبەوە. دانانی وەزیرێکی کورد بۆ وەزارەتی دەرەوەی عیراق، لە تەڵە[1] و داوێک زێتر چی دیکە نەبووە و نییە بۆ کورد. بە دانانی وەزیرێکی دیکە بۆ کاروباری دەرەوە و پێوەند بە وڵاتانی عەرەبەوە، دەبوو هۆشیار زێباری، ئەگەر هێندەی حەز لە کورسی نییە و هێندە عیراقی نییە، جلک و جەواڵ و عاسەلا و ساکەکانی خۆی بپێچێتەوە و بەغدای بەجێهێشتبا. نەک هەر ئەو بەڵکە بەرپرسە کوردەکانی دیکەیش، کە بە هەر هەموویانەوە لاقی مریشکێکیان پێ ناکرێتەوە، وەها کارێکیان کردبا. جێهێشتنی بەغدا و دوورکەوتنەوە و خۆدابرین لە عیراق هەرچەندی زووتر بێت ئەوەندە بە قازانجی کورد دەگەڕێتەوە.

2006-5-20

---

[1] بنۆڕە ماڵپەڕی www.dengekan.com و گوتاری(تەڵە)، کە لە 2003/9/16دا هەر لەمەڕ ئەم مەبەستەوە نووسراوە.